**Article**

IJOKS

**International Journal of Kurdish Studies**
(ISSN:2149-2751)
5 (1), pp. 1 – 10
http://www.ijoks.com

# A Study of the concept of law from John Locke's point of view — An Examination of the reality of law in Kurdistan Region: "A Theoretical Study"

***Asrin Zrar QADER[1]& Salim P.ALIAS[2]***

**Received**: Mar 18, 2018 **Reviewed**: Mar 22, 2018 **Accepted**: Apr 25, 2018

## Abstract

The law is the standard model of power that legal governments and recognized states possess. In democratic and civilized societies, law — as the opposite of force plays a significant role in conflict resolution. The rule of law obliges the state and state structures to obey the laws; this is how justice and equity is manifested in political systems and governing systems. Once authority is directed based on the rule of law and justice, human rights will be guaranteed, protected, and legally recognized. Rationality is the very essence of law. That is why British philosopher John Locke tried to reform the existing political system to be more based on rationality. He clearly proposed this idea in his "social contract" theory, which went on to become the standard source of legal authority later throughout civilized societies. Hence, it seems that French philosopher Voltaire was affected by Locke's ideas, as he believed that law is a rational guide in a world where rationality is absent.

**Key words:** Law, Political Authority, Social Justice, Human rights, Equality

**Recommended citation:**
Qader, A. Z. & Alias, S.P. (2019). A Study of the concept of law from John Locke's point of view — An Examination of the reality of law in Kurdistan Region: "A Theoretical Study". *International Journal of Kurdish Studies* 5 (1), 1 – 10 DOI: **10.21600/ijoks.516467**

[1] Correspondent Author: Lecture, Department of Sociology, College of Arts, Salahaddin University- Erbil, Kurdistan Region- Iraq. E.mail: asrin.qader@su.edu.krd, **ORCID NO**: https://orcid.org/0000-0003-4353-2472
[2] Assistant Prof. Dr., Department of Sociology, College of Arts, Salahaddin University- Erbil, Kurdistan Region- Iraq. E.mail: salim.alias@su.edu.krd,

# خوێندنەوەیەک بۆ چەمکی یاسا لای جۆن لۆك ـ رەوشی یاسایی لە هەرێمی کوردستان بە نموونە[3]

# "توێژینەوەیەکی تیۆرییە"

**م. ئەسرین زرار قادر- پرۆفیسۆری یاریدەدەر د. سلیم بطرس إلیاس**

## پێشەکی

لە هەر وڵاتێکدا یاسا بۆ دەستەبەرکردن و پاراستنی دادپەروەری دادەنرێت، بنەمای ئەم یاسایەش لە ئەنجامی پێداویستییەکانی هاوبەندی و هاوکاری کۆمەڵایەتی لە نێوان هاووڵاتییاندا سەرچاوە دەگرێت، بەمانایەکی تر پێویستە یاساکان گوزارشتی راستەقینەی کردەوە و چالاکییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی خەڵك بن. واتە گونجان و رێککەوتن لە نێوان رێسا یاساییەکان و ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە هەبێت. لەو کۆمەڵگەیەی یاسا سەروەر بێت مافەکانی مرۆڤی تێدا پارێزراو دەبێت. هەمیشە سەروەری یاسا و مافەکانی مرۆڤ دوو لایەنی یەك کردەوەن کە بریتییە لە دادپەروەری. سەروەری یاسا ئاماژەیەکە بۆ ئاستی پابەندبوون بە پاراستنی سستمی یاسایی، بۆیە مەرجێکی پێشوەختەی هەر دیموکراسییەتێکە، ئەگەر دیموکراسی ئەوەبێت کە دەبێت سستمی یاسایی بگونجێت لەگەڵ داواکاری و پێداویستییەکانی هاووڵاتییان، ئەوە دەبێتە مەرجێکی بنچینەیی بۆ سەروەری یاسا. کەواتە سەروەری یاسا، دادپەروەری و دیموکراسییەت سێ چەمکی پێکەوەگرێدراون و لە سایەیاندا مافەکانی مرۆڤ دەستەبەردەبن. ستەم و فەرمانڕەوایەتی رەهای پاشایەتی لە ئەوروپای سەدەکانی ناوەڕاستدا بە گشتی، بوو بە هەوێنی دروستبوونی بیرۆکەی یەکسانی هەمووان لەبەردەم یاسادا و دواجار سەروەری یاسا بوو بە بنەمایەکی گرنگی نێو تیۆر و نووسراوە هزرییەکانی فەیلەسوف و بیرمەندانی سەدەکانی حەڤدە و هەژدە. لەو نێوەندەدا بیرمەندی بەریتانی (جۆن لۆك) لە تیۆری (گرێبەستی کۆمەڵایەتی)دا، وەك بنەمایەکی بنچینەیی پێداگیری خۆی لەسەر یەکسانی لەیاسادا و سەروەری یاسا بەسەر هەموو دەسەڵاتەکانی دەوڵەتدا، دووپاتکردۆتەوە. لەم گۆشەنیگایەوە، لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە هەڵسەنگاندنێکی بابەتی و واقیعییانە بۆ پرسی یاسا لە هەرێمی کوردستاندا بکرێت دواتر چەندە بابەتی مافەکانی مرۆڤ لەو رەوشە یاساییەی کە لە کۆمەڵگەدا دەگوزەرێ، دەستەبەر و پارێزراون قسە و باسی لێکراوە. ئەم توێژینەوەیە سەرەڕای پوختە و پێشەکییەکەی، پێکهاتووە لە رەهەندە سەرەکییەکان و میتۆدۆلۆژیای توێژینەوەکە دواتر شیکردنەوەیەکی بابەتییانە کراوە بۆ تێڕوانینی جۆن لۆك بۆ یاسا لە تیۆری گرێبەستی کۆمەڵایەتی هەروەها رەوشی یاسایی لە هەرێمی کوردستان بە نموونە وەرگیراوە، لە کۆتاییدا دەرئەنجام و راسپاردەکانی توێژینەوەکە خراونەتەڕوو.

### ١ـ رەهەندە سەرەکییەکان و میتۆدۆلۆژیای توێژینەوەکە

چوارچێوەی میتۆدۆلۆژیا و رەهەندە سەرەکییەکانی ئەم توێژینەوەیە ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

### ١ـ١کێشەی توێژینەوەکە

توێژینەوەی زانستی بەو بابەتە دەسپێدەکات کە وەك کێشەیەك یان پرسێکی ئاڵۆز لە هزری توێژەردا گەڵاڵە دەبێت و دواجار بە چەند پرسیارێکی سەرەکی گوزارشتی لێدەکرێت. پرسی یاسا لە ئاستی ناوخۆیی و نێودەوڵەتیدا بابەتێکە جێگای سەرنج و گرنگیپێدانە، بە تایبەتیش لەو وڵاتانەی کە سستمی سیاسی دیموکراسی نییە و دەسەڵاتی دادوەری سست و رۆڵی دادگاکان کارا نییە لە پابەندبوون بە سستمی یاسایی. سەروەری یاسا لە پاڵ پایەداری دەستووردا دوو دەستەبەری یاساییین کە لە رێگایانەوە مافەکانی مرۆڤ دەستەبەر و پارێزراو دەبن، لێرەوە دەکرێت کێشەی ئەم توێژینەوەیە لەم چەند پرسیارەدا دەستپێبکات: ئایا لە هەرێمی کوردستاندا یاساکان بە پێی پێویست و وەکو خۆیان جێبەجێ دەکرێن؟ ئایا لە نەبوونی دەستوور و سستی دامەزراوە دادوەری و یاساییەکانی تردا، دەکرێت بڵێین یاسا سەروەرە؟ ئایا پابەندبوون بە یاسا تەنها گوتاری دەسەڵاتی سیاسییە یان کردەوەیەکی بەرجەستەکراوی راستەقینەیە؟ ئەگەر ئەوەی دواییان راستییەکە بێت، بۆچی رۆژانە پێشێلکاری بەرامبەر بە مافەکانی مرۆڤ روودەدات؟ بە پشتبەستن بەو بنەمایەی کە (هەمووان یەکسانن لەبەردەم یاسادا)، هەر

[3] ئەم توێژینەوەیە بەشێکە لە تێزی دکتۆرا بە ناونیشانی ( رۆڵی دامەزراوە نیشتمانییەکان لە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ- دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ وەک نموونە) بەسەرپەرشتی (پ. ی. د. سەلیم پترۆس ئیلیاس) کە وەک مەرجێک بەرلە تەواوکردنی تێزەکە پێویستە بڵاوبکرێتەوە.

بەو شێوەیەی کە (لۆك) لە تیۆرەکەیدا جەختی لەسەر کردووەتەوە، لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە روونکردنەوەی پێویست بۆ ئەم پرسیارانە بخرێتەڕوو.

**١ -٢ گرنگی توێژینەوەکە**

بایەخدان بە رەوش و بارودۆخی هەنووکەیی پرسی یاسا لە هەرێمی کوردستاندا، بەپشتبەستن بە تیۆری زانستی و شیکرنەوەی کۆمەڵایەتی و یاساییانە بۆ ئەو بارودۆخە، گرنگی زانستییانەی ئەم توێژینەوەیە دەردەخات، لە لایەکی تر هەوڵدان بۆ دیاریکردنی کەموکورتی دەقە یاساییەکان لە بواری رێ و شوێنەکانی جێبەجێکردنیان و خستنەڕووی کۆمەڵێک راسپاردە بە ئامانجی بەرەوپێشبردنی رەوشی یاسایی لە هەرێمی کوردستاندا، ئاستی گرنگی ئەم توێژینەوەیەی زیاترکردووە.

**١ -٣ ئامانجەکانی توێژینەوەکە**

ئامانجەکانی پشت ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە ئەمانەی خوارەوەن:

•روونکردنەوەی ئاستی پراکتیزەکردنی یاساکان وەک خۆیان لە هەرێمی کوردستاندا .

• روونکردنەوەی ئاستی پابەندبوونی دەسەڵاتەکانی یاسادانان، جێبەجێکردن و دادوەری بۆ سەروەری یاسا و خۆبەدوورگرتن لە دەستتێوەردانی حزبی .

**١ -٤ میتۆدی توێژینەوەکە**

ئەم توێژینەوەیە بە میتۆدی شیکاری رەخنەگرانە پرسی یاسای لە هەرێمی کوردستاندا هەڵسەنگاندووە، بە گەڕانەوە بۆ چەمکی یاسا لە تیۆری (گرێبەستی کۆمەڵایەتی) (جۆن لۆك)، بە تیشك خستنەسەر بنەمای یەکسانی هەمووان لەبەردەم یاسادا.

**١ -٥ چەمکی سەرەکی توێژینەوەکە**

• یاسا

بە ئاماژەیەکی کورت دەکرێت بڵێین یاسا بریتییە لە رێکخەری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان خەڵك، بەو مانایەی ژیانی کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای یاسایەکی دیاریکراو و رێکخراو بەڕێوەدەچێت. هەروەك (مۆنتسکیۆ) لە پێناسەکردنی یاسادا پێی وایە یاسا بە گشتی بریتییە لە پەیوەندییە پێویستەکان کە لە سروشتی بوونەوەرەکان وەرگیراوە و هەموو بوونەوەرەکان خاوەنی یاسای تایبەتین. (مونتسکیو،1953،ص11) لە لێکۆڵینەوە یاساییەکان چەمکی یاسا بە شێوەیەکی گشتی ئاماژەیە بۆ کۆمەڵێک رێسا کە لەسەر تاکەکان جێبەجێ دەکرێت لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان کە رێزگرتن و لەبەرچاوگرتنی یاسا فەرز دەکاتەسەر رەفتارەکانیان، بە ئامانجی هێنانەدی سستم لە کۆمەڵگەدا. (الجبريا،

2

2017 ، ص.1 ) کەواتە یاسا پابەندبوونە بە کۆمەڵێک رێسای گشتی بۆ رێکخستنی رەفتاری مرۆیی، پاداشت هەروەها سزا لەخۆدەگرێت لە لایەن دەسەڵاتی گشتی دەوڵەتەوە بۆ ئەوانەی جێبەجێی ناکەن و سەرپێچی دەکەن. (الجازي، 2017 ، ص.1 )

بەپێی بابەتی ئەم توێژینەوەیە پێناسەی رێکاری بۆ چەمکی یاسا بەم شێوەیە دەبێت: یاسا بریتییە لە بنەمای رێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتی، پابەندبوون پێی دادپەروەری کۆمەڵایەتی لە نێوان تاکەکان دەهێنێتەدی کە پێویستە سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتی سیاسی فەرمانڕەوا پابەندی بن، تاوەکو یەکسانی هاوڵاتییان لەبەردەم یاسادا دەستەبەر و تەواوی مافەکانیان پارێزراو بێت.

**٢ - چەمکی یاسا لە تیۆری گرێبەستی کۆمەڵایەتی جۆن لۆك - رەوشی یاسایی هەرێمی کوردستان بە نموونە**

لەم بابەتەدا تێڕوانینەکانی (جۆن لۆك) بۆ پرسی یاسا و جیاکردنەوەی نێوان دەسەڵاتەکان لە تیۆری (گرێبەستی کۆمەڵایەتی)دا هەروەها شیکرنەوەیەکی بابەتی رەخنەگرانە سەبارەت بە رەوشی یاسایی لە هەرێمی کوردستاندا دەخەینەڕوو:

**٢ -١ تێڕوانینی (جۆن لۆك 1632- 1704) بۆ یاسا و جیاکردنەوەی نێوان دەسەڵاتەکان لە تیۆری گرێبەستی کۆمەڵایەتیدا**

تێڕوانین و بیرۆکەکانی فەیلەسوف و بیرمەندی بەریتانی (جۆن لۆك) دەربارەی مافەکانی مرۆڤ، یاسا و سستمی فەرمانڕەوایی کاریگەری بەرچاویان هەبووە لەسەر شێوازی فەرمانڕەوایی و بارودۆخی سیاسی بە گشتی. (لۆك) بە یەکێك

لەو فەیلەسوفە دیارانە دادەنرێت کە بەشداری گرنگی هەبووە لە مێژووی دروستکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی و رەخنەگرتن لە سستمی فەرمانڕەوایی پاشایەتی رەها، پێیوابوو دەسەڵاتی خەڵك لەسەرووی دەسەڵاتی فەرمانڕەوایەتییە. (لۆك) لە کتێبی (دوو نامە دەربارەی فەرمانڕەوایەتی-1690) تێڕوانینەکانی بۆ دۆخی سروشتی، یاسای سروشتی، گرێبەستی کۆمەڵایەتی، چۆنییەتی دروستبوونی دەوڵەت و بونیادنانی کۆمەڵگەی مەدەنی خستۆتەڕوو. پێیوابوو دۆخی سروشتی حاڵەتی جەنگ و ململانێ نەبووە، بەڵکو تاکەکان چێژیان لە ئازادی، یەکسانی و ئارامی وەرگرتووە، چونکە لە سروشتدا کەس مافی لە کەسێکی دیکە زیاتر نەبووە هەروەها عەقڵی سروشتییش وا فێریکردوون، لەبەرئەوەی هەموویان ئازاد و یەکسانن، نابێت کەس زیان بە ژیان و ئازادییەکانی ئەوانی دیکە بگەیەنێت. (Locke, 1977,P.4 )

ناوەڕۆکی گرێبەستی کۆمەڵایەتی بە ڕای (لۆك) رێککەوتنی واژووکراوی نێوان دوو لایەنە، هاووڵاتییان لەلایەك و دەسەڵاتی فەرمانڕەوا (حکومەت) لەلایەکی دیکە؛ بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی سیاسی لە پێناو دروستکردنی رێکخستنێك کە بتوانێت یاسا پراکتیزە بکات، بەمەبەستی پاراستن و پەرەپێدانی ماف و ئازادییەکانی هاووڵاتییان. ملکەچی کۆمەڵگە بۆ ئەو دەسەڵاتە و پابەندبوون بە بڕگەکانی رێککەوتنەکە، حکومەت (دەوڵەت) ناچاردەکات بە پابەندبوون بە دەستەبەرکردنی مافەکانی تەواوی هاووڵاتییان. ئەگەر حکومەت بڕگەکانی گرێبەستە واژووکراوەکەی پێشێلکرد، ئەوە گرێبەستەکە هەڵدەوەشێتەوە و هاووڵاتییان (گەل) مافی ئەوەیان هەیە لایببەن و حکومەتێکی دیکە دروستبکەن کە پابەندی پاراستن و رێزگرتنی مافەکان بێت. کۆمەڵگەی سیاسی (مەدەنی) ئەو کاتە دەستەبەردەبێت کە تاکەکان دەستبەرداری مافە سروشتییەکانیان بن لە بەرامبەر یاسایەکی گشتی و دەسەڵاتێکی دادوەری کە ئەرکی پاراستنی ئەو مافانە و سزادانی سەرپێچیکاران بگرێتە ئەستۆ، لە کاتێکدا لە دۆخی سروشتیدا ئەو ئەرکە لە ئەستۆی چەند کەسێك بووە. ,(Locke, 1967, sec.,78,96)

ئەو خاڵە گرنگەی (لۆك) لە تیۆرەکەیدا جەختی لەسەر کردۆتەوە، مافی بڕیاردان و بەشداریکردنی هاووڵاتییانە لە ژیانی سیاسیی و دروستکردن و هەڵبژاردنی دەسەڵاتی فەرمانڕەوایەتی، ئەمەش سستمی دەسەڵاتدارێتی رەها رەتدەکاتەوە. ئەو بابەتەی کە یاسا مسۆگەرتر دەکات، بنەمای جیاکردنەوەی نێوان دەسەڵاتەکانە. (لۆك) دەسەڵاتی سیاسی (دەوڵەت) دابەشکرد بۆ دەسەڵاتەکانی (یاسادانان، جێبەجێکردن، یەکێتییەکان و تاجی پاشایەتی). پاساوی جیاکردنەوەی هەردوو دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردنی گەڕاندەوە بۆ دوو هۆکار:

- دەسەڵاتی جێبەجێکردن پێویستە بەردەوام ئامادەبێت بۆ دەستەبەری جێبەجێکردنی یاساکان بە بەردەوامی، بەڵام دەسەڵاتی یاسادانان کە ئەرکی دانانی یاساکانە لە شێوەی رێسای گشتی، ئەم ئەرکەش دەکرێت لە ماوەی لێکدابڕاودا ئەنجامبدرێت. واتە کارەکە پێویستی بە ئامادەگی بەردەوام نییە، تەنها بەپێی پێویست نەبێت.
- کۆبوونەوەی هەردوو دەسەڵات لە یەك دەستدا، دەبێتە هۆکاری ستەم و دەسەڵاتی رەها، چونکە مرۆڤ بە سروشت مەیلی بەلای دەسەڵات و خراپ بەکارهێنانییەتی، لە پێناو دروست نەبوونی ئەم جۆرە دەسەڵاتەش پێویستە دەسەڵات بەسەر زیاتر لە دەستەیەکدا دابەشبکرێت و دەستەکانیش چاودێری یەکتر بکەن و سنووری پابەندییەکانیان دیاری بکەن .

(لۆك) پێداگیری لەوە کردووە کە دەسەڵاتی یاسادانان بە تەنها بەرزترین دەسەڵاتی دەوڵەت نییە، بەڵکو پیرۆزە و بە هیچ شێوەیەك ناکرێت بگۆڕدرێت لەلایەن ئەو کەسانەی کە کۆمەڵگە ئەو ئەرکەیان پێدەسپێرێت. دەسەڵاتی باڵا ناکرێت ستەمکار و رەها بێت لە هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ هاووڵاتییانی، چونکە هەر کەسێك دەسەڵاتێکی لەم شێوەیەی

3

هەبێت بۆ وێرانکردنی ژیان و دەستبەسەرداگرتنی خۆی یان کەسانی دیکە بەکاریدێنێت، بەڵکو دەسەڵاتی یاسایی تەرخانکراوە لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵگە و پێویستە رەچاوی بەندەکانی یاسای سروشتیش بکات.( (Locke, 1967,sec. 134 (لۆك) پێی وابوو ئەرکی فەرمانڕەوای مەدەنییە لە رێگای کۆمەڵێك یاساوە کە بە یەکسانی بەسەر هەمووواندا جێبەجێ دەکرێت، تێکڕای مافە مەدەنییەکان بپارێزێت، هەر کەسێکیش ئەو یاسایە بە نارەوایی پێشێلبکات، دەبێت سزابدرێت کە بێبەریکردنیەتی لە هەموو یان بەشێك لەو مافانەی کە هەیەتی. (لۆك، 2011، ل3,14,15) واتە هەوڵیداوە رەوایەتی بە دەسەڵاتی دەوڵەت ببەخشێت، ئەنجامی ئەمەشی لە تیۆری گرێبەستی کۆمەڵایەتی بۆ دەرکەوت کە پاساوەکانی بوونی دەوڵەت و پابەندی دوو لایەنەی نێوان دەوڵەت و هاووڵاتییانی تێدا خستەڕوو. (Dun

fee et al, 1999,p.14,33)

***٢ -٢ رەوشی یاسایی لە هەرێمی کوردستاندا***

پێداگیری (لۆك) دەربارەی یەکسانی هەمووان تەنها مافە بنچینەییەکانی نەگرتەوە، بەڵکو یاسا پرسێکی تری نێو بابەتی یەکسانی بوو کە لە بنەمادا جەختی لەوە کردۆتەوە، یاسا رێکخەری پەیوەندییەکانی نێوان هاووڵاتییان و دەسەڵاتی فەرمانڕەوایە، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە دەسەڵات ئەنجامی رێککەوتنی هاوبەشی نێوان هەردوو لایەنە.

دیارە بوونی یاسایەکی دیاریکراو کە پەیوەندییە گشتییەکانی نێوان هاووڵاتییان و دەسەڵات و سنووری دەسەڵاتداران دەستنیشان بکات، هۆکارێکی بنچینەیی و گرنگە لە پابەندبوون بە سەروەری یاسا و دەستەبەرکردن و پاراستنی ماف و ئازادییەکان. بەرلە بڵاوبوونەوەی بۆچوونەکانی (لۆك) و هاوکات لە سەردەمی ئەویشدا، ماف و ئازادییەکان بە

یاساییکراون لە دیارترینیان (پەیماننامەی مەزن *Magnacarta*1215 ( M ARSHALL, 1998,p.568)) و ( 1628 *Petition of Rights*-) (قرقور،2010،ص.74) هەروەها (*Bill of Rights*-1689) (AL- Aqaileh,n.d.,p.39) بوون. ئەو راگەیاندراوانە ئەنجامی فشاری هاووڵاتییانی کۆمەڵگەی بەریتانی ئەوکات بوون لە دژی دەسەڵاتی توندوتیژی پاشا و فەرمانڕەواکان .

یەکسانی مرۆڤ لەبەردەم یاسادا بەبێ جیاوازی، لە بەندی (7)ی راگەیەندراوی جیهانی بۆ مافەکانی مرۆڤ (1948) جەختی لێکراوەتەوە بەوەی (( هەموو خەڵك لەبەردەم یاسادا یەکسانن و مافی ئەوەیان هەیە بەبێ جیاوازی لە لایەن یاساوە بپارێزرێن .....)).(حکومەتی هەرێمی کوردستان،2006،ل7) لە مادده (26)ی پەیماننامەی نێودەوڵەتی مافە مەدەنی و سیاسییەکان(1966) هاتووە کە ((تێکڕای خەڵکی یەکسانن لەبەردەم یاسادا و مافی ئەوەیان هەیە یەکسان و پارێزراوبن لە لایەن یاساوە بەبێ جیاوازی)). (UNITED NATION,2016,p.52 ) لەژێر رۆشنایی ئەو بەند و ماددانەدا لە دەستووری عێراقی (2005) لە ماددەی (14)دا یەکسانی عێڕاقییەکان لەبەردەم یاسادا بەبێ جیاوازی...(دستور جمهوریە العراق،2005) هەروەها لە رەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستان- عێراق لە ماددەی (20) بڕگەی (1)دا ((هەموو کەس بەرامبەر بە یاسا یەکسانە)) (پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان- عێڕاق،2009) جەختی لێکراوەتەوە. هەڵبەتە هەر حکومەت یان دەوڵەتێکی یاسایی، ئاساییە بە دەقی یاسایی دیاریکراو تیشك بخاتەسەر سەروەری یاسا و یەکسانی هەمووان لە بەرامبەریدا، ئەوەی کە جێگای هەڵوەستە لەسەرکردنە لە رەوشی یاسایی هەرێمی کوردستاندا ئەوەیە، تاچەند دەقێکی یاسایی دەخرێتە بواری کردارییەوە؟ ئایا جێبەجێکردنی یاسا لە هەردوو حاڵەتی ئەرێنی و نەرێنیدا، لە نێوان کەسانی ئاسایی و بەرپرسانی حکومی یان حزبی وەك یەکە؟ ئەگەر یاساکان تەنها بەسەر هاووڵاتییانی ئاساییدا پراکتیزە بکرێن، رەوشی ماف و ئازادییەکان چۆن دەبن؟ لە بارودۆخێکی ئاوادا دادگا و دەسەڵاتی داواکاری گشتی چۆن سەروەری یاسا و مافەکانی مرۆڤ دەپارێزن؟ رۆڵی دەسەڵاتی دادوەری لە راگرتنی هاوسەنگی سەروەری یاسا لە نێوان هاووڵاتییان و دەسەڵات چۆن دەبێت؟ کەمتەرخەمی و جیاوازیکردن لە جێبەجێکردنی یاسا لە نێوان چین و توێژەکانی کۆمەڵگەدا هەروەها جێبەجێنەکردنی بڕیارەکانی دادگا وەکو خۆی، دەکرێت ببنە هۆکاری ئەوەی یاساکان کە سەرەکیترین دەستەبەری پتەوکردن و پاراستنی مافەکانی مرۆڤن بەهای کرداری، متمانە، دڵنیایی و رێزیان لە لای هاووڵاتییان لەدەستبدەن. بە گشتی لە هەرێمی کوردستاندا دەستەبەرە دەستوورییەکانی وەك بنەماکانی پایەداری دەستوور، جیاکردنەوەی نێوان دەسەڵاتەکان، سەروەری یاسا و سەربەخۆیی دادوەری گوزارشتی رووکەشیانەی نێو دەقە یاساییەکانن هەروەها رێ و شوێنە رێکارییەکانی وەك سستمی پەرلەمان و دەزگا راگەیاندنەکان و پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیش لە ئاستی پێویست نین؛ لە بارودۆخێکی ئاوادا ئەستەمە یاسا خاڵی یەکلاکەرەوەی بابەتەکان بێت و بتوانێت سەروەربێت بەسەر دەسەڵاتی سیاسیدا.

بنەمای جیاکردنەوەی نێوان دەسەڵاتەکان، کۆڵەگەیەکی گرنگی کۆمەڵگەی مەدەنییە، هەر کاتێك سنووری نێوان دەسەڵاتەکان ناڕوون و تێکەڵاوبوو هێزی کۆمەڵگەی مەدەنی لاواز و دەوڵەتی یاساش بوونی نابێت، بە پێچەوانەوە دەسەڵاتی سیاسی بەهێز دەبێت؛ لە کاتێکدا بنەمای جیاکردنەوەی نێوان دەسەڵاتەکان دەستەبەرێکی دەستوورییە کە لە رێگایەوە مافەکانی مرۆڤ لە بڕیاری نادادپەروەرانە و دەسەڵاتی سیاسیش لە تاکڕەوی رەها دەپارێزن. پرسی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان گرنگ نییە، بەقەد ئەوەی کە گرنگە دەسەڵاتەکان دیاریکراوبن لەگەڵ ئەوەی کە تەواوکەری یەکترن، چونکە بەتەنها جیاکردنەوەیان لە رووی تیۆری و دەستتێوەردان و تێکەڵاوویان لە کرداردا، سنووری پابەندی ئەرك و بەرپرسیارێتییان بەرامبەر بە یەکتری لەناودەبەن، ئەمەش دواجار بە زیانی بەرژەوەندی گشتی کۆتایی دێت، بە

4

واتایەکی تر لەو نێوەندەدا بۆی هەیە مافەکانی مرۆڤ پێشێل و پشتگوێ بخرێن، چونکە دەسەڵاتەکان ناتوانن بە کارایی

رۆڵی دیاریکراوی خۆیان بگێڕن. بۆ پراکتیزەکردنی یاسا زۆر گرنگە سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتی سیاسی سووربوونی خۆیان بە کردار لەسەر بنەمای جیاکردنەوەی نێوان دەسەڵاتەکان دووپاتبکەنەوە. بە پشتبەستن بە بنەمای جیاکردنەوەی نێوان دەسەڵاتەکان لە یاسادا، سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری دەبێت پارێزراوبێت هەروەها دادوەرەکان بتوانن بڕیاری سەربەخۆ و بێلایەنانە بدەن دەربارەی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و ئەو پێشێلکارییانەی بەرامبەر بە هاووڵاتییان ئەنجامدەدرێن. بە شێوەیەکی گشتی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە گشتییەکان بوونێکی راستەقینە و بەرجەستەکراویان نابێت، ئەگەر لە ژێر سستمێکی یاسایی پشتبەستوو بە بنەمای جیاکردنەوەی نێوان دەسەڵاتەکان دەستەبەر نەبن و بە رێ و شوێنێکی یاسایی دیاریکراو پارێزراو نەبن. لە دەستووری عێڕاقی و لە رەشنووسی دەستووری هەرێمیشدا ژمارەیەك مادده و بڕگە جەخت لەسەر بنەمای جیاکردنەوەی نێوان دەسەڵاتەکان، سەروەری یاسا و دادگای دادپەروەر بۆ هەمووان کراوەتەوە، بەڵام هەمیشە دەقە یاساییەکان شتێك و واقیعی کرداری شتێکی ترمان نیشان دەدەن، بەواتایەکی تر نە دەستووری هەرێم پەسندکرا نە یاساکانیش وەکو خۆیان جێبەجێ دەکرێن. بۆیە پێویستە سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێم بە ئاگا و وورییایانەتر هەڵسوکەوت لەگەڵ پرسی یاسا و یەکسانی هەمووان لەبەردەمیدا بکات و لە تەنها دەقێکی رووتی نێو یاسا ناوخۆییەکان وەریانبگێڕێت بۆ راستی کرداری، چونکە گرتنەبەری رێ و شوێنی جێبەجێکردنی یاساکان تەواوکەری خودی

یاسا هەبووەکانن، هەر ئەمەش دەستەبەری راستەقینەی پتەوکردن و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستاندا دێننە ئاراوە .

ئەگەرچی رەوشی یاسایی بە گشتی لە هەرێمی کوردستاندا بەپێی پێویست و لە ئاستی چاوەڕوانییەکاندا نییە، بەڵام ناکرێت چاو لەو راستییەش دابخەین کە هەرێمی کوردستان لە بواری یاساییدا بە بەراوورد بە عێراق ژمارەیەک یاسای نوێی دەرکردووە لە بەرژەوەندی مافەکانی هاووڵاتییان سەرەڕای هەموارکردنی چەندین مادده و بڕگە لە یاساکانی عێراقیدا کە لە هەرێمدا کاریان پێدەکرێت بە ئامانجی گونجاندنیان لەگەڵ بارودۆخ و تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی کوردستانی، بەڵام لەگەڵ ئەوانەشدا رەوشی یاسایی بێ کەموکورتی نییە و دادگاکان لە کاتی جێبەجێکردنی یاساکان و دەرکردنی بڕیارەکاندا رووبەڕووی کۆمەڵێک کێشە دەبنەوە لە بواری رێ و شوێنەکانی جێبەجێکردن؛ وێڕای دەستێوەردانی حزبی و خێڵەکی کە کاریگەری نەرێنییان هەیە بۆ سەر بەلاڕێدابردنی رێڕەوی یاساکان و رەوشی مافەکانی مرۆڤ بە گشتی، لە هەمان کاتیشدا کاتێک پەرلەمانی کوردستان یاسایەک دەردەکات لایەنە پەیوەندیدارەکان بەدواداچوون ناکەن بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی ئاخۆ دەرچوونی ئەم یاسایە کاریگەری ئەرێنی دروستکردووە لەسەر گۆڕینی هزر و رەفتاری هاووڵاتییانی کۆمەڵگە یان بەپێچەوانەوە دەرهاوێشتەی نەرێنی لێکەوتۆتەوە بۆ سەر مافەکانی هاووڵاتییان بە گشتی. لێرەدا بە پێویستی دەزانین چەند نموونەیەک لە پێشێلکاری و کەموکورتییە یاساییەکان لە نێو یاساکانی هەرێمی کوردستاندا بخەینەڕوو:

1) پەسندنەکردنی رەشنووسی ساڵی (2009) ی دەستووری هەرێمی کوردستان و رەتکردنەوەی یەکجارەکی لە ساڵی (2014) دا بە هۆی ناکۆکییە سیاسییە ناوخۆییەکان و بوونی هەندێک مادده تیایدا کە پێچەوانەی دەستووری فیدراڵی بوون سەرەڕای بوونی هۆکاری دەرەکی کە بەربەستیان لەبەردەم هەرێمی کوردستان دروستکرد بۆ ئەوەی نەتوانێت دەستوورەکە بخاتە راپرسییەوە.
2) یاسای ژمارە (4) ساڵی (2010) ی تایبەت بە دامەزراندنی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ، بە هۆی نەبوونی بودجەیەکی سەربەخۆ لە ساڵی (2014)وە هەروەک دامەزراوەیەکی حکومی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت و لە رێگای وەزارەتی داراییەوە بودجەکەی بۆ دابیندەکرێت، لە کاتێکدا ئەمە پێچەوانەی خودی یاساکەیە لە هەمان کاتدا کاریگەری نەرێنیشی دروستکردووە لەسەر رۆڵی لە چاودێریکردنی پێشێلکارییەکانی حکومەت وەک دەسەڵاتی جێبەجێکاری بەرامبەر بە مافەکانی مرۆڤ سەرەڕای ئەوەی پرسی سەربەخۆبوونی خستۆتە گومانەوە.
3) هەرچەندە بەڕێوەبەرایەتی رێکخراوە ناحکومییەکان دامەزراوە هەروەها یاسای رێکخستنی دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ژمارە (1) ساڵی (2011) دەرچووە، بەڵام تا ئێستا ئەم یاسایە لە لایەن وەزارەتی ناوخۆوە جێبەجێ دەکرێت.
4) هەرچەندە سەرۆکایەتییەکانی دەستەی نیازپاکی و چاودێری دارایی و کۆمسیۆنی باڵای سەبەخۆی هەڵبژاردن دامەزراون، بەڵام ناڕوونی و نەگونجانیان لەگەڵ پێوەرە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بەم ئەرک و پێگانە سەرەڕای دەستێوەردانی سیاسی لە دروستکردنی پێکهاتەی کارگێڕیان، ئەم دەستانەی لە بەرپرسیارێتی خۆیان دوورخستۆتەوە.
5) یاسای ژمارە (8) ساڵی (2011) تایبەت بەبەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خیزانی، نەبوونی رێنمایی تایبەت بەجێبەجێکردنی یاساکە و ناڕوونی لێژنەکانی ئاشتەوایی سەرەڕای دروست نەکردنی شوێنی دیاریکراو بۆ دادگای تایبەتمەند، لە کێشە سەرەکییەکانی یاساکەن.
6) هەندێک یاسا وێڕای دەرچوونیان ماف و ئازادییەکان بەرتسک و مەرجدار دەکەن وەک یاسای ژمارە (11) ساڵی (2010)ی تایبەت بە رێکخستنی خۆپیشاندان کە پێویستی بە وەرگرتنی مۆڵەتە، ئەم مەرجە جگە لەوەی لەبری مۆڵەت دەبێت ئاگادارکردنەوە بێت لە هەمان کاتدا لەگەڵ هەندێک بارودۆخ و حاڵەتی لە ناکاو ناگونجێت کە پێویستیان بە



وەرگرتنی هەڵوێستی خێرای جەماوەریی هەیە.

7) سەرەڕای هەموارکردنی یاسای باری کەسێتی ژمارە (188) ساڵی (1959)ی عێراقی لەو ماددەیەی تایبەتە بە فرەژنی و هەروەها یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (111) ساڵی (1969) ماددەی کوشتن لەسەر شەرەف، بەڵام تا ئێستاش ئەم دوو دیاردەیە بەردەوامیان هەیە.
8) یاسای ژمارە (11) ساڵی (2013) تایبەت بە بەدەستهێنانی مافی زانیاری دەرچووە، بەڵام تا ئێستا نەخراوەتە بواری جێبەجێکردنەوە.
9) سەرەڕای دەرچوونی یاسای ژمارە (35) ساڵی (2007) تایبەت بە کاری رۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستان، بەڵام تا چەند ساڵێک بەر لە ئێستا لە هەندێک دادگادا کار بەرێنماییەکان یان یاسای دیکە دەکرا لە سزادانی رۆژنامەنووسان لەبری ئەم یاسایە.

10) لە دادگاکاندا دواکەوتنی یەکلاکردنەوەی داواکان روودەدات لە قۆناغە جیاجیاکانی دادگاییکردن و بڕیارداندا، وێڕای ئەوەی هەندێکجار هاوولاتییان دەستگیردەکرێن بەبێ ئاگادارکردنەوەی خێزانەکانیان کە بەپێی یاسا دەبێت لە ماوەی (24) کاتژمێردا خێزانەکان لە هۆکار و شوێنی دەستگیرکردنی کەسەکانیان ئاگادار بکرێنەوە.

11) بەدەقی یاسایی هاوولاتی مافی قەرەبووکردنەوەی هەیە لە حاڵەتی بە هەڵە دەستگیرکردنی بە بڕیاری دادوەری، بەڵام تا ئێستا ئەم مافە بە هاوولاتییان نەدراوە.

12) ڕوودانی حاڵەتی هەڵاتن و خۆکوشتن لە نێو زیندانی و دەزگا چاکسازییەکان لە ئەنجامی خراپی بارودۆخ و مامەڵەی نامرۆڤانە و ئازار و ئاشکەنجەدان وەک تاکە ڕێگای دانپێدانان بە ئەنجامدانی تاوانەکان لە لایەن دەستگیرکراوانەوە، لە کاتێکدا حکومەتی هەرێمی کوردستان پابەندبوونی خۆی بۆ ڕێککەوتننامەی بەرەنگاربوونەوەی دژی ئەشکەنجەدان دەربڕیوە، ئەمە وێڕای بوونی سزای لە سێدارەدان.

13) سەرەڕای بوونی ئەنجومەنی دادوەری و پەیمانگای دادوەری لە هەرێم، کەچی پێکهاتەی کارگێڕییان بە پلانی سیاسی دادەنرێن، ئەمەش هەڕەشە و مەترسی لەسەر سەربەخۆبوونی دەسەڵاتی دادوەری دروستکردووە.

14) هەرچەندە عێراق ڕێککەوتننامەی مافەکانی منداڵی واژوو کردووە، بەڵام ماددەی (14)ی یاساکەی ڕەتکردۆتەوە کە تایبەتە بە مافی بیروڕا و بیروباوەڕی ئایینی، بۆ هەرێمی کوردستانیش بە هەمان شێوەیە.

15) لەگەڵ ئەوەی لە هەرێمدا تەمەنی بەرپرسیارێتی سزایی کراوە بە (11) ساڵ، کەچی لە دەزگاکانی ئاسایش و چاکسازییەکان منداڵی خوارووی ئەو تەمەنە دەستگیردەکرێن.

16) سەرەڕای دەرچوونی یاسای ژمارە (22) ساڵی (2011)ی تایبەت بە کەمئەندامان و خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان، کەچی بەپێی پێویست جێبەجێ ناکرێت و خزمەتگوزاریی و ئاسانکارییەکانی ژیان بۆ ئەم چینە تایبەتە دابین نەکراوە. (UPR, 2014)

17) لە هەرێمی کوردستاندا تا ئێستا کار بە یاسای کاری ژمارە (71)ی ساڵی (1987)ی عێراقی دەکرێت، لە کاتێکدا عێراق خۆی ئەم یاسایەی هەڵوەشاندۆتەوە و لە جێگایدا یاسای ژمارە (37)ی ساڵی (2015)ی دەرکردووە. سەندیکا و یەکێتی سەندیکاکانی کرێکاران کار بە یاسای ڕێکخستنی سەندیکایی ژمارە (152)ی ساڵی (1987)ی عێراقی دەکەن کە بەپێی ئەم یاسایە کار و چالاکییەکانی سەندیکاکانی کرێکاران بە کەرتی تایبەت، تێکەڵاو و هەرەوەزییەوە پەیوەستکراوە، بەمەش سەندیکاکان ناتوانن لە کەرتی گشتیدا چالاکییان هەبێت، بە تایبەتی کە حکومەتی عێراقی بە بڕیاری ژمارە (150)ی هەمان ساڵ ناونیشانی کرێکارانی کەرتی حکومی بۆ فەرمانبەر گۆڕی، بە ئامانجی سستکردنی کاری سەندیکایی و لێکترازاندنی توێژە جیاجیاکانی کرێکاران لە دەوڵەتی عێراقیدا. (ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی، 2017)

18) داواکاری گشتی کە دەبێت دەسەڵاتێکی فراوان و سەربەخۆی هەبێت لە بەرگریکردنی مافەکانی هاوولاتییان، سەرەڕای کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکانیان بەپێی ئەو یاسایەی کاری پێدەکەن، لەبری ئەوەی سەربە دەسەڵاتی دادوەری بن لە ڕووی کارگێڕییەوە، کەچی سەربە وەزارەتی دادن، ئەمەش ڕاستەوخۆ دەسەڵاتییان لە چاودێریکردن و لێپرسینەوەی حکومەت لە بەرامبەر پێشێلکارییەکان بەرتەسکدەکاتەوە.

19) لە دەستووری عێراقیدا ماددەی (2) بڕگە (1)دا حوکمە نەگۆڕەکانی ئایینی ئیسلام دەکاتە بنچینەی دانانی هەر یاسایەک کە پابەندبوونی هەرێمی کوردستانیش بۆ ئەم ماددەیە دەگرێتەوە. لە کۆمەڵگەیەکی فرە بیروباوەڕ و ئاییندا ئەمە بە پێشێلکردنی مافی پێکهاتە ئایینییەکانی تر دادەنرێت.

جێی ئاماژەیە لە کارکەوتنی پەرلەمان بۆ ماوەی دوو ساڵ لە (2017 -2015) پێشێلکردنێکی یاسایی گەورەبوو سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ، چونکە پەرلەمان نوێنەری خەڵکە و لەکاروەستانی زۆرترین زیانی بە کارەکانی لێژنەکانی یاسایی، مافی مرۆڤ و کۆمەڵی مەدەنی گەیاند، بە تایبەت لە ساڵی (2015)دا خەریکی نووسینەوەی دەستوورێکی نوێ بوون بۆ هەرێمی کوردستان. وێڕای وەستانی پڕۆژە خزمەتگوزارییەکانی کۆمەڵگە، لەم نێوەندەشدا هاوولاتییان زۆرترین زیانیان بەرکەوت. لە سەرووی هەموو ئەمانەوە لە ماوەی ساڵی (2014)ەوە تا نووسینی ئەم توێژینەوەیە کە مانگی ئاداری (2018)یە، حکومەتی عێراقی گەورەترین پێشێلکاری دەستووری بەرامبەر بە هاوولاتییانی هەرێمی کوردستان ئەنجامداوە بە نەناردنی بودجەی هەرێم و بڕینی مووچەی هاوولاتییان، چونکە لە هەر بارودۆخێکدا بێت

6

نابێت مافەکانی هاوولاتییان بکرێنە قوربانی ململانێ و ناکۆکییە سیاسییەکان. لێرەوە جەختکردنەوە لەسەر توکمەترکردن و پراکتیزەکردنی یاساکان وەکو خۆیان پێویستییەکی گرنگە کە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتی سیاسی بایەخی زیاتری پێبدەن، ملکەچی و پابەندبوونیش بە یاسا، دادپەروەری کۆمەڵایەتی و پارێزراوی مافەکانی مرۆڤ دەستەبەردەکەن.

**دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە**

لە کۆتاییدا ئەم توێژینەوەیە بەم دەرئەنجامانەی خوارەوە گەیشت:

1. یاسا بنەمایەکی گرنگ و بنچینەییە بۆ ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوان تاکەکان لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا. بۆیە وەك دەرئەنجامێك بۆ وەڵامدانەوەی داواکاری و پێداویستییەکانی خەڵك دانراون، نابێت وەك بابەتێکی ڕۆتینی کارڕاییکردن مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.
2. لە هەرێمی کوردستاندا یاساکان وەکو خۆیان جێبەجێ ناکرێن و کەموکورتی لە ڕێ و شوێنەکانی جێبەجێکردنی هەندێک لە یاساکان، پرسی پابەندبوون بە یاسای خستۆتە گومانەوە.
3. دەسەڵاتی دادوەری و دادگاکان بە تەواوی سەربەخۆنین و لە ژێر کاریگەری دەسەڵاتی سیاسی و دەستتێوەردانی حزبیدان. بۆیە نەتوانراوە یەکسانی هەمووان لەبەردەم یاسادا جێبەجێ بکرێت، لە نەبوونی دادگایەکی دادپەروەریشدا مافەکانی مرۆڤ دەستەبەر و پارێزراو نابن.
4. ئەگەرچی بە یاسا دەسەڵاتەکانی یاسادانان، جێبەجێکردن و دادوەری جیاوازن، بەڵام لە واقیعی کرداریدا سنووری نێوانیان روون نییە و تێکەڵاووی و دەستتێوەردان لە نێوانیاندا ڕوودەدات، ئەمەش ئاستی پابەند نەبوون بە یاساکان و سستی ڕۆڵی دادگا و داواکاری گشتی دەردەخات لە بەرامبەر بەهێزی دەسەڵاتی سیاسی.
5. ڕەتکردنەوە و پەسند نەکردنی ڕەشنووسی دەستووری ساڵی (2014) پێشێلکردنێکی یاساییە لە لایەن دەسەڵاتی یاسادانانەوە کە پەرلەمانی کوردستانە، لەبەرئەوەی خۆی دەستوورێک دەنووسێتەوە هەر خۆیشی ڕەتیدەکاتەوە.
6. هەروەکو (لۆک) لە تیۆرەکەیدا ئاماژەی بەوەکردووە کە حکومەت بەرهەمی ڕێککەوتنی هاوبەشی نێوان هاووڵاتییان و دەسەڵاتی سیاسییە هەروەها پابەندبوونی هاووڵاتییان بە یاسا پەیوەستە بە ئاستی ڕەزامەندبوونیان بەم دەسەڵاتە. لەمەوە بەو دەرئەنجامە دەگەین کە لە هەرێمی کوردستاندا دەسەڵاتی سیاسی فەرمانڕەوا هاووڵاتییان بە هاوبەشی خۆی دانانێت و لە دەستکەوتە نیشتمانییەکاندا بێبەرییان دەکات، لە ڕەوشێکی ئاواشدا هاووڵاتییان بەم دەسەڵاتە ڕەزامەندنابن، دواجار پابەند نەبوون بە یاسا و سەروەرنەبوونی دەبێتە حاڵەتێکی ئاسایی.

**ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە**

بە پێویستی دەزانین لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا ئەم ڕاسپاردانەی خوارەوە بخەینەڕوو:

- بەهۆی گرنگی یاسا لە ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوان هاووڵاتییان، پێویستە یاسا بکرێتە بنەمای ژیان لە ئاستی بچووکترین یەکەی کۆمەڵگە کە خێزانە تا گەورەترین یەکە و پێکهاتە بونیادییەکانی تر.
- پێویستە هەر سێ دەسەڵاتی یاسادانان، جێبەجێکردن و دادوەری بە کردەوە لە ڕووی کارگێڕییەوە سەربەخۆبن و لە پێناو بەرژەوەندی کۆمەڵگە و ویستی گشتیدا کاربکەن.
- پێویستە یاسا بکرێتە خاڵی یەکلاکردنەوە و بڕیاردان، پشتبەستن و پابەندبوون بە یاسا لە هەر هەنگاوێکدا دەستەبەری دادپەروەری و یەکسانی کۆمەڵایەتی دەکەن، ئەمەش دەکرێت گوزارشتی ڕاستەقینەی سەروەری بێت بۆ یاسا.
- پێویستە یاساکان سەرچاوەی هێز و دەسەڵات بن و دەسەڵاتە گشتییەکان لە یاساوە سەرچاوەبگرن. لەسەر سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستە هۆشیارانەتر هەڵسوکەوت لەگەڵ بنەمای سەروەری یاسادا بکات و بەرپرسیارێتییە ئاکاری و یاساییەکانی خۆی بەرامبەر بە ویستی گشتی جێبەجێ بکات.
- پێویستە دەسەڵاتی یاسادانان وردبینانەتر یاساکان دابڕێژێت بۆ ئەوەی ئەگەری ڕوودانی کەمترین کەموکورتی لە کاتی جێبەجێکردنیاندا هەبێت.
- دۆزینەوەی ڕێگاچارەی یاسایی گونجاو بۆ قەیرانە سیاسی و ئابوورییەکانی ئێستای هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکومەتی ناوەند، پێویستییەکی هەنووکەیی گرنگە بۆ قۆناغی ئێستا، چونکە ئاڵۆزبوونی کێشە سیاسی و ئابوورییەکان ژیانی کۆمەڵاتی بەرەو تێکچوون و دابڕان دەبات و بابەتی یاسا و پابەندبوون پێوەی کەمترین گرنگپێدانی دەبێت.

**References**

Al-Aqaileh, Ziad (n.d). Terminology of law, Amman publisher and distributor.

Dunfee, Thomas W., Smith, N.Craig Ross and Ross Jr, William T. (1999). Social Contracts and Marketing Ethics, Journal of marketing, 63(3).

Al-Jiria, Star, (2012). Concept of law, taken from http:s// www.staralgeria.net/t1922-topic on 14th of March 2018.

Al-jazy, Hayl (2017). Definition of law: language and terminology, taken from http:s// www.mawdoo3.com

Kurdistan region government, The Ministry of Human Right, (2006). Human Rights Declaration, Karwan print, Erbil.

Locke , John, (2011). A letter concerning tolerance, ed: Ali, Abdulrezaq, Erbil Arass press and print. Erbil.

Locke, John, (1967). Tow Treatises of Government, ED: Peter, asle H., S.L.: Cambridge University Press.

Locke, John, (1977). The second treatise of government, ed: peardon, thomas p., s.l.: the library of arts.

Montesquieu, (1953). The spirit of law, ed: Zahitar, Adl, Cario, international commission for translation of human flags.

Marshall, Gordon, (1998). A Dictionary of Sociology (2eded.), New York: Oxford University Press.

Qrqur, Nabil, (2010). Human rights between western and Islamic conception, Al-Azaritta, new university House.

Submission the UN Universal periodic Review Eighth session of the UPR working Group of the Human Rights council, (2014). UPR October, IRAQ- Kurdistan Region.

The freedom of syndication and the reality of trade unions in Iraq and Kurdistan region, peace and freedom organization, (2017). Erbil.

The constitution of the public of Iraq, (2005).Baghdad, Iraqi representative council.

The draft of constitution of Kurdistan region- Iraq, (2009). Erbil, taken from http://www.krp.org/docs/draftconst Kurdish on 12th of January 2017.

United nation, the core international human rights treaties, (2016). Ed : Human rights office - United Nations Assistance Mission for Iraq.

**قراءة لمصطلح القانون عند جون لوك -الواقع القانوني في إقليم كوردستان نموذجا**

**الاستاذة أسرين زرار قادر – الأستاذ المساعد د .سليم بطرس إلياس**

**الملخص**

القانون مثل اعلى لأي سلطة حكومة او دولة قانونية .في المجتمعات المدنية و الديمقراطية يأتي القانون مقابل القوة و يلعب دورا اساسيا في حسم النزاعات .سيادة القانون يخضع الدولة و جميع مرافقها الاساسية لحكم القانون و في ضلالها تصبح العدالة طابع عمل و اسلوب ادارة النظام السياسي .عندما يصبح سيادة القانون و العدالة اسسا للسلطة، يصبح حقوق الانسان ضامن و محمي و قانوني .العقل اساس القانون، لذلك المفكر البريطاني) جون لوك (حاول ان يعيد تنظيم نظام الحكم بتنظيم سياسي جديد و اشار الى ذلك بوضوح في نظرية" العقد الاجتماعي "و التي اصبحت قاعدة للحكم القانوني في مجتمع مدني .يمكن هذه الاراء ل"لوك "اثرت على المفكر الفرنسي" فولتير "و الذي كان يعتقد بأن القانون نصيحة عقلية، في عالم خالي من العقل!

المفاهيم الاساسية :القانون، السلطة السياسية، العدالة الاجتماعية، حقوق الانسان، المساواة .